ئایا ئەوەی کە لە دونیا وایلێکردووە لەسەر پێیەکان ڕێ بکات توانای نییە کە وایلێبکات لەسەر ڕووی ڕێ بکات لە ڕۆژی قیامەتدا؟

لە قەتادەوە -ڕەحمەتی خوای لێبێت- دەڵێت: ئەنەسی کوڕی مالیک بۆمانی گێڕایەوە -ڕەزای خوای لێبێت- : پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، چۆن کافر لەسەر ڕووی حەشر دەکرێت؟ ئەویش فەرمووی: «ئایا ئەوەی کە لە دونیا وایلێکردووە لەسەر پێیەکان ڕێ بکات توانای نییە کە وایلێبکات لەسەر ڕووی ڕێ بکات لە ڕۆژی قیامەتدا؟»، قەتادە ووتی: بەڵێ، سوێند بە شکۆداری پەروەردگارمان.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا: کافر چۆن حەشر دەکرێت لەسەر ڕووی لە ڕۆژی قیامەتدا؟! ئەویش فەرمووی: خوای گەورە وا دروستیکرد کە لەسەر پێیەکانی ڕێ بکات لە دونیادا ئایا ناتوانێت وایلێبکات کە لەسەر ڕووی ڕێ بکات لە ڕۆژی قیامەتدا؟! خوای گەورە لەسەر کردنی هەموو شتێک تواناداره.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65068